ئێ ئـــاخر بۆچـــی بە دەفتەر؟..
نەوزاد بەندی

لە هەموو وڵاتانی جیهاندا، کاتێ کارەساتێکی سروشتیی یان جەنگ ڕوو دەدات، کاربد□ستانی ووڵات بە پێی توانا قەرەبووی زیان لێکەوتووان دەکەنەوە ..
تەنانەت گەورە مافیایەکی یابانی وەک یاکوزا، لە زەمینلەرزە وێرانکر□کەی 11ی مارتی 2011 دا، خواردن و ئاو و پێویستیەکانی ڕۆژانەی بۆ ژمارەیەک لە زیانلێکەوتووانی بومەلەرزەکە دابین کرد.
ئەمە ئەچێتە قال□بی مرۆڤایەتیی و هەستکردن بە ئەرکی سەرشان گەر لە بچوکترین ئاستیشدا بێ، بەرامبەر بە مرۆڤەکانی تر.
ساڵی 1991 کە کوردستانی باشور توشی کۆڕەو بوو، ملیۆنان کەس ڕوویان کردە سنوورەکانی تورکیا و ئێران و .. لە ئۆردوگای پەنابریدا جێگیرکران، تیمەکانی ڕێکخراوە مرۆییەکان بۆ کۆمەک و فریاگوزاریی سەردانی قوتابخانەکانی کوردستانی ئێرانیان دەکرد، منداڵ هەبوو شیرینییەک یان پسکیتێک کە بە ڕۆژانەکەی کڕیبووی، نەیدەخوارد و دەیدایە ڕێکخراوە خێرخوازییەکان هەتا بیدەنە منداڵەکانی ئێمە.
بەڵام ئەوەی لەم دواییەدا سەرنجی ڕاکێشام، دۆخێکی تەواو جیاواز و گ□ت□ج□ا□□، لە کارەساتەکانی ئەم دواییەی لای خۆماندا، کاتێ بازاڕێک ئەسوتێ یان لافاو هەڵدەستێ یان شەڕە تەقەیەک ڕوو دەدات، هەندێ لەو زیان لێکەوتووانە یان هەموویان جۆرێک لە زیادەڕەویی لە نیشاندانی زیانەکانیاندا پەیڕەو دەکەن، بە تایبەت دوای ئەوەی هەواڵی قەرەبووکردنەوە ئەبیستن.. بە ڕاستی ئەم زیادەڕەوییانە، جێگای داخن، بۆ نمونە فرۆشگایەکی سووتاو کە کۆمەڵێ مەنجەڵ و کەوچکی فافۆنی تێدایە بە قوڕگی پڕ له گریانەو□ ئ□□□□ زیانی بیست دەفتەر دۆلارم لێ کەوتووە ..یان لافاو دەچێتە ژێر زەمینی خانوویەکەوە، کە کۆمەڵێ کەرەستە و کەل و پەلی تێدایە، خاوەنەکەی خۆی دێنێتە حاڵەتی جاو، بە گریانەو□ ئ□□□□ : زیانی ح□قد□ دەفتەر دۆلارم لێ کەوتووە ..!
لە کاتێکدا خەڵکێک منداڵیان خنکاوە، یان ماڵیان ڕوخاوە، کەچی هێندەی ئەو جۆرە کەسانە داوای قەرەبووی خەیا□یان نەکردووە یان تەنانەت یەک ووشەیان بۆ ڕاگەیاند□کان نەدرکاندووە.
من پێم سەیرە بۆچی ئەبێ هەمووان زیانەکانیان بە دۆلار و دەفتەرە دۆلار رابگەیەنن لە کاتێکدا هەندێکیان ڕەنگە بە درێژایی ژیانیان

مامەڵەیان بە دۆلار نەکردبێ؟ ئەگەر گریمان حەزیشیان لە دۆلار بێ،
بۆچی ئەو ژمارە زۆرانە ئەدەن بە گوێی ڕاگەیاندنەکاندا؟ ئەی دوایی
چی دەڵێن بە لیژنەکان کاتێ تەخمینی شتەکان دەکەن ؟ من وەک خۆم
هێشتا زیان لێکەوتوویەکم نەدیوە بڵێ دوو هەزار دۆلارم زیانم
لێکەوتووە، یان چوار هەزار دۆلار .. هەر هەموویان پانزە و بیست و
سەد دەفتەر و زیاتر زیانیان لێکەوتووە ..
ئەم حاڵەتە ئەو حەکایەتانەم بیر دەخەنەوە کە لە کەمپ و دادگاکانی
ئەوروپادا ئەخوێنرانەوە لەلایەن کوردەکانی خۆمانەوە کاتێ داوای
مافی پەنابەریان دەکرد و ناویان لێ نا بوو کەیس .. ئەم کەیسانە
هەموویان درۆی شاخدار بوون، پێش ئەوەی کوردستان بە جێ بهێڵن،
کەیسەکە یان درۆکەیان ئامادە بوو، تەنانەت کار گەیشتبووە ئەوەی
قاچاخچییەکە یان کەسانی به ئەزمون کەیسیان بەو کۆچکردووانە ئەوت
یان ئەفرۆشت و حەکایەتەکانیان بۆ ئەهۆنینەوە .. ئیتر ئەم کەیسانە
وای دەکرد، کۆچکردوو ناوی خۆی و شارەکەیشی بگۆڕێ، واتا زۆر بە
ئاسایی کەسێک کە لە ژیانیدا کەرکوکی نەبینیوە ، ئەیووت خەڵکی
کەرکوکم و لە زوڵمی بەعس ڕامکردووە، ناوی هەموو گەڕەک و شەقام و
بازاڕەکانی کەرکوکی ل□ بەر دەکرد، بۆ ئەوەی بتوانێ بە کۆمەڵێک درۆ
بیسەلمێنی کە ئەو خەڵکی کەرکوکە و شایانی مافی پەناهاندەییە ..
ناوی سەعید بوو، لەوێ ئەبوو بە عیزەدین، مەجی بوو ئەبوو بە هەڵۆ
عەشیرەتی جاف بوو، لەوێ ئەبوو بە زەنگەنە، شەمێرانیی بوو خۆی
ئەکرد بە جەباریی ..یان لە تورکیا ناوی فەرەج بوو، لە تورکیا
ئەبوو بە کۆسار، کە ئەچووە ئیتاڵیا ئەیووت ناوم فەرەیدونە، لە
دانیمارکیش خۆی ئەکرد سالار ..ئیتر ئەوروپا ناچار بوو هەر
کەسێکیان لە یۆنان بگرتایە پەنجە مۆریان لێ وەردەگرت و ب هەموو
ئەوروپادا بڵاویان ئەکردەوە، خۆتان بگرن وا هات .. کار گەیشتبووە
ئەوەی دادگاکان ناچار بوون کەسانی خەڵکی هەموو شوێنە جیاوازەکانی
کوردستان بکەن بە لێکۆڵەری دادگاکانیان هەتا بتوانن ئەم کەیسانە
هەڵوەشێننەوە و ڕاستی ئەم بوونەوەرانە ئاشکرا بێ، کە خەڵکی
ڕەحیماوا نییە و .. خەڵکی کوێرە دێیەکی ئەو شارەزوورەیە ..یان
خەڵکی دوز نییە و لەو دەشتی هەولێرە مەڕفرۆش بووە ..
ڕۆژنامەکانیشیان ئەم دۆخە ئابڕووبەرەیان قۆستەوە و .. لە
ڕۆژنامەی هەندێ وڵاتی وەک سوید، لە لاپەڕەی یەکەمیاندا و بە پیتی
بۆڵد نوسیان : کوردەکان ئەوانەن کە لە پێناوی وەرگرتنی مافی
پەنابەریدا خوشکەکانی خۆیان بە ژنی خۆیان لە قەڵەم دەدەن.. ژیانی
لە خەتەردا نییە و بۆ دۆلار کۆکردنەوە هاتووە، زیندانی سیاسیی
نەبووە و لە ژیانیدا چرکەیەک ئەودیوی شیشەکانی نەدیوە ..ناوی
کامەرانە و فەتحوڵا نییە .

یان بۆیان دەرکەوت هەندێ له کوردەکان کە داوای مافی پەنا بەریی دەکەن ئەوانەن کە لەو وڵاتەی گوایا ڕایا نکردووە و ژیانیان لە ترسناکیدایه، وەزیر و ب□□وبەر و خاوەن پله و پایەن !!
جارێکی تر بە داخەوە ..
ئەترسم محمد شیاع سودانی کە بڕیاری قەر□ بووکردنەوەی زیانلێکەوتوانی لافاوەکەی نۆی دیسەمبەر ی داوە، بکەوێتە شک و گومانەوە، کاتێ لە شارۆچکەیەکی بچوکدا زیانلێکەوتوویەک بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە ببینێ بڵێ بە دەفلس ئ□و د□فلس شتانەم کڕیوە ئێستا ح□قد□ دەفتەر ئەشیا لە ژێرخانی خانووەکەمدا لافاو بردوێتی !!
ئەگەر سەرۆک سودانی بە نیسبە تەناسوب لێکی بداتەوە، بۆی دەردەکەوێ ژێر خان و سەرخانی شارەکانی وەک سلێمانی و هەولێر، پڕ پڕن لە لە فەردە دۆلار بە بەراورد بە ژێرخانی شارۆچکەیەکی بچوک کە لافاو ح□قد□ دەفتەر دۆلاری لێ فڕاندووە ..ئەوسا ڕەنگه ئەو چۆڕە موچەیەیش ببڕێ .. هەر بۆیه باشتر وایه ڕاگەیاندنەکان ڕاستێکان ئاشکرا بکەن، درۆکان هەڵوەشێننەوە، پێش ئەوەی بە دەردی کەیسەکانی ئەوروپا بچین..

ـــ وێنەکەیش ، گەورە مافیا و تاوانباری یابانە کە له کاتی بومەلەرزەکەی ساڵی 2011 دا بە دەستی خۆی یارمەتی و کۆمەک بەسەر هاوزمانە زیانلێکەوتووەکانیدا دابەش دەکات ـــ